


ژنانی کرێکار پاشماوەی خواردنی نوێنەرانی گەل" پەرلەمان " دەخۆن
(تایبەت بە ئەرشیفی نوسەر)

# لە تراژیدیای مەرگی مام فارسەوە بۆ شایی و لۆغانی سەرکردەکان

عەلی مەحمود محەمەد

زستانی ساڵی 1992 , لەو سەروبەندەی باسکردن لە سستەمی نوێی جیهانی گوێچکەمانی کاس کردبوو , گەرمەی پیاهەڵدان بوو بەسەر شان و باڵیا , چ ڕۆژنامەیەکت دەکردەوە چاوت بەرەو ڕوی دەیان دەستەواژەی سستەمی نوێی جیهانی و دەسکەوتەکانی دەبوەوە , لەو ڕۆژانەدا وام دەزانی مەرگ کۆتایی هاتووە و ئەمە ئەو بەهشتەیە پەیمانی بەدی هاتنی دراوە بە مرۆڤە ساڵحەکان , بەڵێ لەو سەرو بەندەدا مام فارس پاش فرۆشتنی دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکەی لە برسان , شەو بە سەرما ڕەق بوەوە , سستەمی نوێی جیهانی نەیتوانی 2 کالۆری گەرمی بۆ دابین بکات , لە مەرگ ڕزگاری بکات . لەو ڕۆژانەدا هاوارم کرد , گەلۆ ئەم سستەمە هەر سستەمەکەی سەردەمی کۆیلەداری و کۆمەڵگەی چینایەتییە , کۆیلە خاوەنەکەی نایهێشت بە سانایی بمرێت تا لە دەستی نەچێت , بەڵام لەم سستەمەدا لەمرۆڤ بێ نرخ تر نییە .
چاوەڕوانم کرد لە هەواڵەکان باسێک لە مەرگی مام فارس بکرێت , بەڵام هەواڵی پێک لێدانەکان , سەمای ناو نادیەکان , ژن هێنانی مناڵە بەرپرسەکان , ساڵگەردی مەرگی باپیرە گەورەی ژنی سێیەمی بەرپرسان هەموو باسکران , تەنها مەرگی مام فارسەکان هەواڵیان نەبوو , بە بێدەنگی بە خێرو سەدەقەی خەڵک , کرپارارانی بەهەشت کفنی بۆ کرا , بە تەڵقینێکی ساردو سڕەوە بۆ بەردەم دادگای خواوەند ڕەوان کرا , ژمارەی فاتیحاکانیشی کەمتر بوو لە دەوڵەمەندان , دەلۆی لۆ مام فارسەکەمان ڕۆ .

بەڵێ هەر دەقەیەک لەم سستەمە نوێیەدا 3 کەس وەک مام فارس برسێتی کۆتایی بە ژیانیان دێنێت , لە بەرامبەردا کۆمپانییای شێل کە تەنها یەکێکە لە 500 کۆمپانیا مەزنەکەی جیهان لە کاتژمێرێکدا 3 ملیۆن دۆلار دەسکەوت بە دەست دەهێنێت , ئەمە سستەمی نوێی جیهانییە , یان جەهەنەمەو بە دیاری بۆ مرۆڤایەتی هاتووە .

بەڵێ هەر لەو هەفتەیەدا بەرپرسی باڵای ئۆردوگای دارەتوو ژنی دووەمی هێنا , هەموو ئۆردوگای داوەتکرد , خوێنی گۆلکی سەربڕاو خەڵکەکەی گێژ کرد . ئەمە شۆڕشی مەشخەڵانی هەژاران و ڕەنجدەرانە , یان شۆڕشی مەرگی مام فارس و هەموو فارسە هەژارەکانە .

ئەم هەفتەیە هەواڵی 29 ڕۆژ نان نەخواردنی سەبرییەو قەدریەمان خوێندەوە , لەبەر شەرافەتمەندی خۆیان دەرگایان لە خۆیان داخست لە برسا , داخۆ چەند ژنی دیکەی وا هەبن لە برسان لەش فرۆشیان کردبێت , بوبێتنە قوربانی برسێتی ؟؟؟ . لەو هەزاران هەزار ژنەی خەڵتانی خوێن کران , چەندیان داوێنی خۆیان بۆ سکی خۆیان و منداڵەکانیان هەڕاج کردبێت ؟؟ .

لە کاتێکدا خەڵکانێک ناتوانن نان و ئاو بخۆنەوە , بەرپرسان لە حیزبی و وەزیرو پەرلەمانتارانی نوێنەرانی گەل خەوی شەوانیان تەرک کردووە , شیراتۆن پالاس و چوارچراو شیرن پالاس و خانزادەکان لەبەر پێکی ئەوان شەوان خەو ناچێتە چاویان , تا بەیان شەقەی پێکەکان خەوی لە چاو شار حەرام کردووە , بەم کتوپڕیە نازانم ئەم ورگەیان بەچی پەیدا کرد , شەوان تا بەیانیی سەرخۆشن و داوێن پیسی دەکەن , بەرۆژیش شاشەی تەلەفزیۆن و ڕوپەڕی ڕۆژنامەکانمان لێدەگرن , ئەوپەڕی نەتەوەیاتی و گەلدۆستیمان پێدەفرۆشن , شانازیشمان هەر دەبێت نەهاتنی ئاڵای بەعس بێت بۆ بەشە کوردستانەکەمان , ئاڵای بەعس ئەنفالمانی دەکرد , ئاڵاکەی کوردستانیش ئێستا لە برسان دەمان کوژێت .

ئەمە تەنها دەردی سەعدییەو قەدریە نییە , بەڵکە دەردی هەزارانی وەک ئەوانە . بەکر تەیفوری ڕۆژنامەنووس لە ئۆردوگای دارەتوو , , پێنج کچ و کوڕێکی هەیە , وەک مام فارس ئاوارەی کەرکووکە , سەرجەمیان لە ژورێکی قوڕی بچوکی تەجاوزدا ژیان بەسەرەبەن , لە دیار چڵکاوێک نەک تەپۆلکەیەکی سەری ڕەش و دوکان , چەندین مانگە لەبەر برسێتی چەند ساڵەی سستەمی نوێی جیهانی خەو لە چاو خۆی و منداڵەکانی تاراوە , خەو بە خەوەوە دەبینن . ئەمە نمونەیەک بچوکە لە ئەو بەهەشتەی لەژێر ئاڵاکەی کوردستاندا لە هەولێر بەدیاری بۆمان هێنراوە , بەهەشتی قیامەت لە ژێر پێی دایکدایە , بەهەشتی ئەم دنیایەشمان لە ژێر ئاڵای کوردستاندایە ! .

ئەمە لە کاتێکدا ڕوو دەدات , بەیانیان زوو کوردستان بێ حاکمە , زۆربەی زۆری بەرپرسان لە پرخەی خەودان تا نیمەڕۆ سەرگەرمی پێکەکانی شەویانن و گەوز بە داڵغەی دەست لە ملانێی شەویانەوە دەبینن . بەرپرسێک لە سلێمانی مەوعیدی لەگەڵ د.ک ح دانا کاتژمێر 8 بەیانی ببینێت , تا کاتژمێر 11 چاوەڕێمان کرد نەهات , کاتێک هۆی نەهاتنیمان بە گەورەیەکی کە ڕاگەیاند , لە وەلامدا ووتی : بابە ئەو تا کاتژمێر 12 هەڵناستێت . دە بەکر تەیفوور بخۆ . بەڵێ نەک تەنهاخۆشی ژیان , خواردن و خواردنەوە , پۆشین و ..... بەڵکە خەویشیان لە هەژاران داگیر کردووە .

دەڵێن ئیسلامی سیاسی لە کوردستان گەشەدەکات , چۆن گەشە نەکات چەندین مانگ خێزانێک خەو نەچێتە چاویان , بە پۆشینی یەک حیجاب برسێتیان لەکۆڵ بێتەوە , چۆن گەشە نەکات

بەمليۆن وێنەی سەرکردەکان  چاپ بکرێت , کەچی لە سمود و بنەسەلاوەو شۆڕش دەیان هەزار سەعدیەو قەدرییەو بەکر تەیفوری ڕۆژنامەنوس و مام فارس هەبێت .

فایەق داودە لە سەردەمی شەڕی عێراق- ئێران بەهۆی شەڕەوە ئیشی تەبڵ لێدانی نەما , مەجبور بوو سەید ڕەئیس بە 100 فلس بفرۆشێت , کەچی ئێستا  لە کەرکووکدا خوێن سەر زەوی کەوتووە , ئەمان لە شایی و لۆغانی سەرکەوتنی سەرکردە ناکەون  . هێشتا شایی مامە تەواو نەبووە , شایی کاکە دەستی پێکرد , دەڵێی ژن بە ژنێ دەکەن  , شایی ئەم سەرکردە دەڕوات , یەکی تر دێتە سەری , یادی ئەم حیزب دەڕوات چواری تر دێتە بانی , یادی مەرگی فلان تەواو دەبێت , ژنی  یەکی دیکە مژدە دەدات  .

بۆ خەڵک هیچیان نییە , بەلام بۆ وێنەی سەرۆک و ئاهەنگی یادی سەرۆک و حیزب  .... دۆلار وەک لافاو ملە نێت  . کە منالی سەرکردەیەکی نمرە دوو دەمرێت بە مانگ تەلەفزیۆن پەردەی ڕەشی پێدا دەدرێت , بەلام کە خەڵکی هەولێرو کەرکووک وەک دەریا خوێنیان لەبەر دەچێت , یادی سەرۆک و حیزب بە زەرە لە زەوق ناکەوێت , ئەمە ئاپارتاید نەبێت چییە ؟؟ .

ئەوانیش چاک لە کورد تێ گەیوون , ئەمە گەل نییە , تەنها بۆ کۆیلەیی و شایی دروستکراوە , بیانکە بە کۆیلە , بەلام شاییەکی بۆ ساز کە  .

بە بەرپرسێکم ووت : بۆ گرنگی بە هەڵەبجەو ئەنفال نادەن تەنها لەیادەکانی خۆتانا ئاهەنگ ساز  دەکەن , ووتی خۆمان باش ئەم گەلە دەناسین .

6-21 -2005